# کانی هەڵەبجەیی:
# شەو و رۆژی تار زۆرن مرۆڤ کوچە و کۆڵانەکانی کەوکەبەکەی خۆی ئەپشکنێ بۆ تروسکاییەکی ڕوناهی

## گفتوگۆ/ هاوار بانیخێلانی



بۆ ئەوەی ساتێکیش دوربین لەخەم و میحنەتە کۆمەڵایەتییەکان، بەباشمان زانی روو لە دونیای هونەر بکەین و ساتێك لەگەڵ هونەری شیعردا دەست لەملانبین بۆ ئەوەی بەم تەوەرە کەمێك لە ئازارەکانمان برەوێنینەوە، رومان لە کچە کوردی هەڵبجەی شەهید خاتو کانی کرد تا لە نزیکەوە گوێ رادێرین بۆ پەیڤە ناسکەکانی سەبارەت بە دونیای هۆنراوە، لێرەوە با گوێ لەوەڵامە بەپێزەکانی ئەم خانمە بگرین و ساتێك زاخاوی مێشکی پێ بدەین.

⋆ چۆن بو کەوتیتە ناو دەریای پان و بەرینی نوسینی هۆنراوەوە، دەکرێ وەك سەرەتایەك ئاماژەی پێ بکەیت؟

ـ کانی هەڵەبجەیی:. شەو و ڕۆژی تار زۆرن مرۆڤ کوچە و کۆڵانەکانی کەوکەبەکەی خۆی ئەپشکنێ بۆ تروسکاییەکی روناهی، ساتە سەرلێشێواوەکان زۆرن مرۆڤ مەست دەکەن و بەرەو ئاسمانێك لە خەیاڵە بێ کۆتاییەکانی دەبەن، زۆرن ئەو خەمە بە وەفایانەی روو لە دەڤەری ئێمە دەکەن و داوای هاوڕێیەتیمان لێ ئەکەن، ئەو ئەشقانەش زۆرن کە دەست ئەنێنە بینی مرۆڤ و هەوڵی خنکاندنی ئەدەن. من لە شەوێکی تاری زەردی پایزێکدا دانیشتبووم سەیری فرمێسکەکانی ئاسمانم ئەکرد کە خۆیان ئەکێشا بە رومەتی پەنجەرەی ژوورەکەمدا، هەورە گرمەکان وەك هاواری نیشتیمانەکەم

دەهاتنە پەنا گوێم و دڵۆپەکانیش وەك ئەشکی دڵی خۆم. هەر ئەو شەوە پێنوسەکەم گرت و ویستم وێنەی خەیاڵەکانم و خەمەکانمی لەسەر لێوی لاپەڕەیەك پێ بکێشم. ئەوە ئەو سەرەتایە بوو کە من و خەم و ئەندێشەکانمی کردە شەپۆلێکی هەنێ جار تورە و هەنێ جار هێمن لە دەریای نوسینی شیعردا.

* هەروەك دەزانین بەرێزتان وەك کچە کوردێك دەستی هۆنراوە نوسینتان رەنگینە، ئایا هۆنراوە بەلای ئێوەوە چی دەگەێنێ؟

ـ کانی هەڵەبجەیی:. هۆنراوە بۆ من ئەو دەستەیە کە لە تەنهاییدا لە دەستم دەئاڵێ، ئەو پەنجە نەرمەیە کە فرمێسکە بێ جێکانی چاوم دەسرێ، ئەو سنگەیە کە سەری خەمم دەنێمە سەری و ئەو شانەیە کە تێر بەسەریدا دەگریم، هۆنراوە ئاوێنەیەکە گشت خەم و ئاهەکانی خۆمی تێدا دەبینم، هۆنراوە ئەو کانی ئاوەیە زیخی ئازارەکان لە نێو دییەکانیدا ئەحەوێنەوە، ئەتوانم بڵێم هۆنراوە خۆمە.

* پێمان دەڵێیت هۆنراوە هەلقولاوی چی موعاناتێکە یان چۆن بو ئێوە هۆگری بون؟

ـ کانی هەڵبجەیی:. هۆنراوە هەڵقولاوی خەمە، لە دایکبووی ولاتی خۆشەویستییە و پەروەردەی دەست ئاهەکانە، پێ ئەچێت هۆنراوە خۆی هۆگری دونیاکەی من بوبێ و منیشی هۆگری خۆی کردبێ، ئێمە هەردوکمان لە یەك ئەچین، دەستمان لە دەستی یەك گرێ داوە و ملی کۆلانە تارەکانی شەوەزەنگمان گرتووە و بەرەو کەوکەبێکی دی هەنگاو ئەنێین، بەرەو کوچەیەك دوور لە درۆ، دوور لە زەوت و مرۆڤ کوژی... دوور لە خۆپەرستی... دوور لە خیانەت و لێوان لێو لە خۆشەویستی.

* بەلای بەرێزتانەوە هۆنراوە بەشێك نیە لە سیاسەت؟

کانی هەڵەبجەیی:. هۆنراوە بەو ناسکی و بێگەردییەی خۆی و سیاسەتیش کە پڕە لە فرت و فێڵ و گەندەڵی مەحاڵە ببنە بەشێك لە یەکدی، هۆنراوە کە فرمێسك ئەسرێ و سیاسەتێ کە خوێن ئەڕژێ زۆر دوورن لە یەکدی، بە بۆچونی من سیاسەت و هۆنراوە دوو شتی ئێجگار لە ئێکدی جودان و لە هیچ شتێکدا بە یەك ناگەنەوە لە ئازاردا نەبێت، ڕاستە بە هۆنراوە دەتوانین ڕەخنە و نا ئومێدی و شادییەکانیشمان بەرامبەر سیاسەتێ دەربڕین، دەتوانین دوژمنی پێ ریسوا کەین، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە من بتوانم هۆنراوە بە بەشێك لە سیاسەت ناو ببەم، هۆنراوە بەشێکە لە خاك، لە ئەشق، لە خەم، لە نیشتیمان، لە جوانییەکان، بەڵام فرە دوورە لە خوێن ڕێژی و دونیا پڕ فێڵەکەی سیاسەت.

* ئایا بەرێزتان جوانی هۆنراوە لە چیدا دە بینن، دەکرێ ئیشارەبەو خەسڵە تییانە بدەن؟

کانی هەڵبجەیی:. هەرکەسەو بە جۆرێ لە جوانییەکان دەنواڕێ، هەیە ئاسمانی بە تاریکی لا جوانە و هەشە ئاسمانی شین و روناکی لا جوانە، هەیە گوڵە نێرگزی لا جوانە و هەشە پەنجەخانم، لە هەموو شتێکدا هەر مرۆڤێ بە جودایی لە جوانییەکان ورد دەبێتەوە، من وەك خۆم هەنێ لە جوانییە فرەکانی شیعر لەم خالانەی خوارەوەدا دەبینم:.

1- ناسکی شیعر من پێموایە گەر ئەو نوسراوە ناسکی تێدا نەبێت ئەوا لە دونیای شیعر دوورە.

2- وەسف کردن و پێناسە کردن. یاخود بە واتایەکی دی دەبێت نوسەر وەك وێنەکێش بتوانێ وێنەی خەیاڵەکانی بکێشێ و بە وشە و وەسف لە دێڕەکاندا بیانخاتە پێش چاوی خوێنەر.

3- شیعر جوانییەکانی هێندە فرەن کە ناتوانم لە چاوپێکەوتنێکدا هەموویان بڵێم، بەڵام بە بۆچونی من جوانی شیعر لەوەشدایە کە چەند ئازادیش نوسرابێ قافیەیەکی هەر تێدا بێ کە لە پەخشان جیای بکاتەوە، شیعر بە زمانە ڕاستگۆکەی و وەفاکەیەوە جوانە شیعر بە خۆیەوە جوانە.

★ پێناسەی ئێوە چییە بۆ هۆنراوە؟

کانی هەڵبجەیی:. چەند وشەیەك هەن پێناسە کردنیان زۆر ئەستەمە، دایك، نیشتیمان، خۆشەویستی، هۆنراوە. ئەتوانم بڵێم هۆنراوە ئەو کۆرپەیە لە خۆشەویستی دەبێ و بە وشە و خەم و خەیاڵەکان پەروەردە دەبێ و دەبێتە ئەو فریشتەیەی بە هانای هەموو ئەو چاوانەوە دەچێ کە وەك ئاسمانی زستانێکی سەخت هەوری ڕەش گرتونی و فرمێسك نمایشی خۆی تێیاندا دەکات، هۆنراوە زۆر کات چەپکە گوڵێکە کە خۆشەویستان یەکدی پێ ئاشت دەکەنەوە، هۆنراوە ئەو ئاوێنەیەیە کە ئێمە خەم و خەیاڵ و هەستەکانی خۆمانی تێدا دەدۆزینەوە، پێ ئەچێت پێناسەی هۆنراوە تەنها هۆنراوە خۆی بتوانێ بیکات.

★ تائێستا بەرهەمتان هەیە بۆ منداڵان؟ یان گەر نەتان نوسیوە بیرتان لێنەکردۆتەوە لە کاتێکدا منداڵانیش حەقیان لە سەرمان هەیە؟

ـ کانی هەڵبجەیی:. منداڵ لە پاك ترین و پڕ ڕاستی ترین مرۆڤەکانی ئەم کەوکەبەن، هەر بۆیەش زۆر مەزنن بە بۆچونی من، من لە یادی ڕۆژی منداڵانی جیهانیدا هۆنراوەیەکم نوسی بە ناوی (منداڵی پیر)، بەڵام لە بەرنامەشمدایە کۆمەڵێ چیرۆکی فۆلکلۆر هەیە بیاننوسمەوە و وەك ئەرکێکی سەرشانم بەرامبەر منداڵان بڵاوی بکەمەوە. هەروەها ئێستا لەگەڵ کاك کارزان بە نیازین کارێك بۆ منداڵان ئەنجام بدەین کە بریتییە لە گۆرانییەك لەسەر غەریبی بۆ منداڵان، بریار وایە من تێکستی گۆرانیەکە بنوسم و بەڕێزیان ئاوازی بۆ دادەنێن، بەڵام بێگومان هەوڵ دەدەم بەرهەمی زیاتریشم بۆ منداڵان هەبێت، منداڵانی وڵاتەکەی ئێمە بەڕاستی لە زۆر شت بێ بەشن و ئەرکە لەسەر ئێمە بۆشاییەکانیان بۆ پڕ بکەینەوە.

★ کام عەشق ئێوەی پەلکێش کرد بۆ ناو دەریای هونەر؟

ـ کانی هەڵبجەیی:. پێ ئەچێت عەشقێ بوبێ بۆ عەشق، یان عەشقێ بۆ هونەر، پێش ئەچێ عەشقێ بوبێ بۆ دونیای خەم و ناسکییەکانی شیعر، لەوانەیە عەشقێ بوبێ بۆ تنۆکەکانی باران، بۆ فرمێسکەکانی خۆم و بۆبێ نازی وڵاتە سەرسپییەکەم، ناتوانم بڵێم چ عەشقێ منی تووڕ دایە نێو دەریای هونەر، چونکە هەموو عەشقەکان بەشدارن لە ساتەکانی تەمەنە عەجول و سەرشەی مندا.

★ تا ئێستا چەند هۆنراوەت کراون بە گۆرانی، ئەو هونەرمەندانە کامانەن دەکرێ پێمان بناسێنی؟

ـ کانی هەڵبجەیی:. تا ئێستا لەلایەن چەند هونەرمەندێکەوە هۆنراوەکانم کراون بە گۆرانی یاخود کاری لەسەر دەکەن، لە سیدییە نوێکەی هونەرمەند ئەیوب عەلیدا یەکێ لە هۆنراوەکانی من بەشداری ئاوازەکانە، هەروەها خاتو کەژاڵ ئادەمی و خاتو نیان عەبدوڵا، چەند هونەرمەندێکی دیکەش ئێستا کار لەسەر هۆنراوەکە دەکەن بۆیە ناتوانم ناویان بێنم، لەگەڵ ئەمەش چەند بەهرەمەندێکی زۆر دەنگخۆش هەن کە تازە بە نیازن بێنە ناو مەیدانی گۆرانی و هونەری کوردییەوە، هەوڵ دەدەین لەگەڵ ئەوانیش چەند بەرهەمێکی جوان پێشکەش بکەین، گەر خودا یار بێت لە ئایندەیەکی نزیکدا گوێبیستیان دەبین بەو هیوایەی بە دڵی گشت لایەك بێت.

⋆ ئایا خانەوادەکەت ڕێگیریان نە کردوی یان کۆسپیان لە ڕێگاتدا دروست نە کردوە تا لە نوسینی هۆنراوە بە دوور بیت؟ یان پشتیوانیان لێ کردوی؟

ـ کانی هەڵبجەیی:. نە گوڵ بێ ئاودان گەشە دەکات و نە کانی بێ باران ئەژی، منیش گەر پاڵپشتم نەبوایە و هاندەرم نەبوایە لە خێزانەکەمدا نەمدەتوانی بەهرەکەم پەرە پێ بدەم و هەنگاو بەرەو تەقلی بوون بە هونەر بنێم. خۆشحاڵانە من لە ماڵەوە خانەوادەکەم تەگەرەیان نەخستۆتە بەر هەنگاوەکانم، من دایکم خۆی نوسەر بووە بەڵام بەداخەوە هێرشەکانی بەعسی فاشست نەك تەنها ڕۆحەکانیان ژێر گڵ نا، بەڵکو دیوانەکانیشیان ڕەش کردەوە و سوتاندیان. مەخابن دایکم نەیتوانی دێڕەکانی دیوانەکەی بە چاپ بگەیەنێت، هەر بۆیەش ئێستا زۆر هاندەری منە.

⋆ کام لە هۆنراوەکانت لا جوانە؟

کانی هەڵبجەیی:. من هۆنراوەکانم زۆربەیان بە فرمێسکی خۆم نوسراون و بە شانەی خەمەکانم پرچیان داهاتووە، گشتیان لە ناخی خۆم قردێلەم بۆ بەستوون و بە ئازارەکانی خۆم گەمەم تەك کردون و بە عەشق و دڵ پەروەردەم کردون، بۆیە من نازانم بڵێم کامیانم لا جوانە، هەر هۆنراوەیە و یادگاری خۆی هەیە و موحیبەتی خۆی هەیە، بەڵام هەنێ هۆنراوە زیاتر سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشن یاخود دەتوانم بڵێم زیاتر خوێنەر خۆیان لە دێڕەکانیدا دەبیننەوە، بەڵام من ناتوانم دڵی هیچ کامیان لە پێنوسەکەم بتۆرێنم و لە هەستی خۆم زویر بکەم، چونکە هەریەکەیان چڵێ نەمامن و لە دڵی مندا چێنراون و ئەشکی چاوم ئاویان ئەدات.

⋆ هەر وەك دە بینین لە هۆنراوەکانتدا بۆنی خۆشەویستیان لێ دێ ئایا بۆخۆتان چەندە عاشقن؟

ـ کانی هەڵبجەیی:. من خۆم لە سەرمەوە تا نوکی پێ عاشقم، من عاشقی عەشقم، عاشقی ڕاستی، عاشقی خاك، عاشقی دایك، عاشقی شیعر، عاشقی باران، عاشقی خەم، عاشی گۆرانی، پێ ئەچێ چۆن عەشق لەگەڵ ترپەی دڵی یەك بەیەکی هۆنراوەکانمدایە، لە خوێنی خۆشمدا بێ، باوەڕ ناکەم کەس بتوانێ بێ عەشق بژی، بە بۆچونی من تەنها عەشقە تا ئێستا ئەم ژیانەی هێشتۆتەوە و هەوڵ ئەدات ئادەمیزاد و جوانییەکان پێك ئاشنا بکات، ئەی مەگەر هەر عەشق نییە وا لە یەکێکی وەك من ئەکات دەست لە پێنوس مارە کات و هۆنراوە لە دڵی لاپەڕەیەکدا بنوێنێ؟

⋆ لە ڕێگای هۆنراوەکانتەوە تا چەند توانیوتە جمهور بۆ خۆت دروست بکەیت؟

کانی هەڵبجەیی:. لە پاڵپشتی و هاندانی خانەوادەکەم گ 25 من هاندانە بە جۆشەکەی خوێنەرە وا لە پێنوسەکەی من دەکات بەدەم هەستەکانمەوە بێت و وا لە وشەکان دەکات و ...ەکانی شیعرم بسرِن، خۆشحاڵانە نوسینەکانم توانیویانە تا ڕادەیەك خوێنەرێکی زۆر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و ڕۆژانە چەندین دەستخۆشیم بۆ دێت کە لای من زۆر پیرۆزن و بە پاڵپشتێکی گەورەیان دەزانم، من نوسینەکانم ڕاستگۆن، بۆیە زوو لە دڵی خوێنەر جێ دەگرن.

⋆ هۆنراوەی کام شاعیری کوردت لاجوان و پەسەندە؟

ـ کانی هەڵبجەیی:. لە ئینجانەی یادەکانی مندا زۆرن ئەو دێڕانەی چەپکە نێرگزێکی چوار وەرزەن و هەرگیز سیس نابن، زۆرن ئەو پێناسە و وەسفانەی لە چاوانی مندا تا ئێستا ماونەتەوە و ڕوناهی بە دییەم دەبەخشن، زۆرن ئەو شانەی خوێندنگا بوون بۆ من و فێری ئەلف و بێی شیعریان کردووم، من نامەوێ ناوی نوسەری هیچ کام لەو دێڕ و شانە بهێنم نەکا یەکێکیان لە یاد بچێ و خۆم لە خۆم زویر بکەم، بەڵام من کاریگەری زۆر شاعیرم لەسەرە لە کەڵە شاعیرەکان و لە

شاعیره نوێكانیش، من زۆر شیعر دەخوێنمەوە، لەگەڵ خوێندنەوەشدا هەنێ لەو شیعرانەی خۆمیان تیا دەبینمەوە تەڤلی بە كاژی دەروون دەبن و لەسەر سینەم تاهەتایە سەر دەنێنەوە.

★ تۆ وەك شاعیر و كچە كوردێك بیرت لەوە نە كردۆتەوە بۆ ئازادی ژن هەستی خۆت لە هۆنراوەدا دەر ببریت؟

ـ كانی هەڵبجەیی:. كێ لە ئێمە كوڕ بێت یان كچ، گەنج بێت یان پیر، گوێبیستی هاوار و ناڵەی پەپولەكانی ئەم كەوكەبە نەبووە؟ كام لە ئێمە خوێنپژانی فریشتەكانی ئەم زەمینە دڵڕەقەی نەبینیوە؟ لە پێش ئێمە هۆنراوە و خاك فرمێسكیان بۆ ئێمەی ئافرەت ڕشتووە و گوێیان بۆ گرتووین، چ ئاهێكە ئاهی ئێمە؟ چ ئازارێكە خەمی ئێمە؟ چ دڕندەیە ڕكابەری ئێمە؟ خاك ئەگری، خودا ئەگری، عەشق ئەگری، ئاژەڵ ئەگری، بەردیش ئەگری بۆ بێ دڵی مرۆڤ، بۆ مرۆڤ كوژی، بۆ باڵ سوتاندنی پەپولەكان، ئیتر من وەك كچە كوردێ لە نێو ڕەشبەڵەكی ئەم هەموو گریانەدا چۆن خۆم بگرم و نەیەم سەرچۆپی بگرم؟ بێگومان من هەوڵ ئەدەم ئازار و زەوت لێكردنی كیژانی وڵاتەكەم لە دێڕەكانی هۆنراوەكانمدا ڕابخەم و بە وشەكانم ڕایانژەنم، هەرچەندە بە نوسینی هۆنراوە ناتوانین ئەم ڤایرۆسە ئافرەت كوژە كەم كەینەوە، بەڵام هەر هیچ نەبێ دڵی خۆمانی پێ ئەدەینەوە و هەنێ جار دڵی خاكی پێ ژێر دەكەینەوە.

★ لە كۆتایدا چی پەیامێكتان هەیە بۆ هەموو ئەو كە سانەی هۆگری شیعرن یان بۆ جمهورەكەی خۆت؟

كانی هەڵبجەیی:. لە كۆتاییدا حەز دەكەم دەستخۆشی لە بەڕێزتان بكەم بۆ سازدانی ئەم دیمانەیە و هیواخوازم سەركەوتوو بەردەوام بن، پاشان داوای لێ بوردن لە گشت ئەو چاوانە دەكەم كە خۆیان لە دێڕەكانی ئەم دیمانەیە ئاڵاندبێ و بە خوێندنەوەی هیلاكم كردبن، ڕێز و خۆشەویستی بێ سنوورم دەكەمە چەپكە گوڵێكی بەهارە و گشت خوێنەرانمی پی گوڵباران دەكەم، زۆر سوپاسی هەموو ئەو ئازیزانە دەكەم كە ڕۆژانە نامە جوانەكانیان بۆ ڕۆحی ئیمایلەكەی من دەنێرن، من لە كۆتاییدا گشتان بە هێمنترین و شادترین شەپۆلەكانی تەمەن دەسپێرم.